
# داواکاریی، 10 ساڵ دوای ئەو جینۆسایدەی داعش ئەنجامی دا



ڕاپۆرت - ٢٠٢٤

COALITION FOR JUST REPARATIONS
Jiyan Foundation for Human Rights
seed foundation
Social Educational Economic Development
Yazda

**دوای دە ساڵ لە دەستپێکی ئەو جینۆسایدەی کە داعش ئەنجامی داوە، هەروەها دوای سێ ساڵ لە دەرکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە، ڕزگاربووان بەردەوامن لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە سیستماتیکییەکان و بەربەستەکانی بەردەم چاکبوونەوە و چاکسازییان. دوای دە ساڵ لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی دڕندانە و دیلێتی و ئاوارەیی و لە کاتێکدا زیاتر لە٢٧٠٠ ئێزیدی ڕفێندراو بێسەروشوێنن، مەترسی داخستنی کەمپەکانی ئاوارەکانی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان و نەبوونی چارەسەری بەردەوام چەند گرفتێکن کە، لە دەیەمین ساڵیادی جینۆسایدەکە، سەریانهەڵداوە.**

ئەم ڕاپۆرتە ئامادەکراوە بە ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و نووسەرانی سەرەکی ڕاپۆرتەکە بریتیین لە ئالانا تراڤێرس و صابر سعید (دەزگای ژیان)، کریستین پێری و مارلی تینۆک (دەزگای سیید) و زۆی پاریس (یەزدا) و هەروەها میرید سمیث (ڕاوێژکاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە).

ئەم ڕاپۆرتە بەبێ بەشدارییە بەنرخەکانی ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (بڕوانە خوارەوە) نەدەهاتە بەرهەم، بەتایبەتی: ڕێکخراوی جیهانێکی باشتر (Better World) و ڕێکخراوی داک (DAK) و ڕێکخراوی فەریدە گلۆباڵ (FGO)، دەزگای ئێزیدیی ئازاد (FYF)، ماڵی پێکەوەژیان (House of Coexistence)، ڕێکخراوی دادپەروەری بۆ مافی کەمینەکان و دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە ڕاوێژکارییان لەگەڵ گرووپە جیاوازەکانی ڕزگاربووان ئەنجام داوە و دەرەنجامەکانیان بوون بە بنەما بۆ ئەم ڕاپۆرتە. هاوکات ڕێکخراوی یەزدا داتاکانی هەڵسەنگاندنی خۆیان لەگەڵ ڕزگاربووان هاوبەشی پێکرد بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی ڕاپۆرتەکە.

مافی لەبەرگرتنەوەی ئەم ڕاپۆرتە بۆ هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پارێزراوە، و هەر دووبارە بەرهەمهێنانەوەیەک یان وەرگێڕانێک یان چاپکردنی بەشێک یان هەموو ڕاپۆرتەکە پێویستە ئاماژە بکات بە سەرچاوەکەی.

**هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە** هاوپەیمانییەکی نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکانە لە عێراق کە پێکەوە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ ڕزگاربووانی ئەو تاوانە وەحشیگەرییانەی کە لە سەردەمی شەڕی داعشدا ئەنجامدراون. هەروەها هەوڵدەدات کە زەمینەیەکی هاوبەش و سەلامەت دابین بکات بۆ ئەوەئ تەواوی سکاڵا و نەهامەتیەکانی ڕزگاربووان لە هەموو گرووپە زیانلێکەوتووەکان – لە نێوانیاندا ئێزیدی و تورکمان و شەبەک و کاکەیی، کریستیان و شیعە و سوننە و ئەوانی دیکە – لەخۆ بگرێت تا بتوانرێت بە شێوەیەکی گونجاو چارەسەر بکرێن.

**دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ**، ڕێکخراوێکی خێرخوازییە کە پاڵپشتی لە ڕزگاربووانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و بەرگری لە ئازادییە بنەڕەتییەکان دەکات و بەها دیموکراسییەکان لە سەرانسەری جیهاندا بەرەوپێش دەبات. دەزگای ژیان خزمەتگوزاری دەروونذروستی و چارەسەری پزیشکی لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی دیکەی پاڵپشتی بۆ ڕزگاربووانی زەبری دەروونی و تیرۆر و توندوتیژیی خێزانی و پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە سەرتاسەری کوردستان و عێراق و سوریا دابین دەکات.

**دەزگای سیید** ڕێکخراوێکی ناوخۆیی ناحکومیە کە لە هەرێمی کوردستان - عێراق کار دەکات. دەزگای سیید پابەندە بە پاراستن و پشتیوانی کردنی چاکبونەوەی ڕزگاربووانی توندوتیژی و ئەو کەسانەی لە ژێر مەترسیدان. ڕێبازمان بۆ ئەم ئەرکە ڕێبازێکی لێکدراو و گشتگیرە. خزمەتگوزاری جۆریی گشتگیر دابین دەکەین لەوانەش پشتیوانیی دەروونذروستی و پاڵپشتیی دەروونی - کۆمەڵایەتی و یاسایی و پاراستن و خزمەتگوزاری داڵدەدان. هەروەها، سیید ڕاهێنان و خولی پەروەردەیی و پەرەپێدان بە تواناکان بۆ ئەو کەسانە دابین دەکات کە کار بۆ پاراستن و خزمەتکردنی ڕزگاربووان دەکەن. هاوکات، دەزگاکە کاری پەیڕەو و داکۆکیکردن دەکات بە مەبەستی بەهێزکردنی یاسا و ڕێنمایی و پەیرەو و پاراستنەکان بۆ کەسانی لێقەوماو، و برەودان بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.

**یەزدا** لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزرا، دوای سێ هەفتە لە دەستپێکردنی هەڵمەتی جینۆساید لە شەنگال و لە یەکەمین ئەو ڕێکخراوانە بوو کە بە شێوەیەکی مەیدانی هاوکاری ژیانپارێزیان پێشکەش بە ڕزگاربووان دەکرد. یەزدا یەکەم لایەن بوو کە تاوانەکانی داعشی لە دژی ئێزیدییەکان دۆکیومێنت کرد و سەرکردایەتی هەوڵەکانی داکۆکیکردن لە دادپەروەری و لێپرسینەوەی گرتە ئەستۆ. یەزدا لە سەرەتای دامەزراندنیەوە کارنامەکەی لە بواری پڕۆژەی مرۆیی و دادپەروەری و مافەکاندا چڕ بووەتەوە و کارەکانی تەریب لەگەڵ ڕێبازی بەناوەندکردنی ڕزگاربوو و کۆمەڵگەکان جێبەجێ دەکات.

**بۆ پەیوەندیکردن:**
www.c4jr.org
info@c4jr.org

**دیزاین:** صابر سعيد
**وێنەی بەرگ:** هشام حجي

# ناوەڕۆک

پاشخان ........ ٤
پوختەی گشتگیر ........ ٥
داواکارییەکانی ڕزگاربووان ........ ٦
١.سەلامەتی و پاراستن........ ٧
٢.چاودێریی تەندروستی........ ٩
٣.کەسانی ڕفێنراو و ونبوو ........ ١١
٤.سەربەخۆیی ئابووری ........ ١٣
٥.دادپەروەری و لێپرسینەوە........ ١٥
٦.چارەسەرکردنی ئاوارەبوون........ ١٧
٧.قەرەبووکردنەوەی یەکسان ........ ١٩
٨.پەروەردە ........ ٢١
٩.ناساندنی جینۆساید ........ ٢٣
١٠.جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی ........ ٢٥

# پاشخان

بە مەبەستی بەرجەستەکردنی پێداویستی و داواکارییەکانی ڕزگاربووان لە دوای ١٠ ساڵ لە جینۆسایدەکە هەشت ڕێکخراوی ئەندامی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە زنجیرەیەک ڕاوێژیان لەگەڵ ئەو چوار پێکهاتەیە ئەنجام دا کە بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی وەک شایستە دانپێدانراون ئەوانیش: ئێزیدی و کریستیان و شەبەک و تورکمانن.

لە کۆی دە ڕاوێژکاریی نۆ ڕاوێژیان بە ڕوونی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دراون. بەشداربووان تەمەنیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٤٧ ساڵدا بوو لە ژنان و پیاوان کە لە کەمپ و دەرەوەی کەمپەکاندا لە عێراق و هەروەها لە دەرەوەی وڵاتیش دەژین.

یەزدا دەرەنجامە سەرەکییەکانی هەڵسەنگاندنێکی پێشووی خۆی پێشکەش کرد کە لەگەڵ ڕزگاربووانی ئێزیدی لە گرووپی جیاواز لە ڕووی تەمەن و ڕەگەزەوە لە ناو کەمپ و دەرەوەی کەمپەکان لە عێراق و هەروەها لە دەرەوەی وڵاتیش دەژین. بۆ مەبەستی ئەم ڕاپۆرتە، هەڵسەنگاندنەکە بە یەک کاری ڕاوێژکاریی هەژمار دەکرێت.

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ڕاوێژکارییەکانی لەگەڵ ڕزگاربووانی ئێزیدی و تورکمان و کریستیان و شەبەک کردە پێشینەی کارەکانی ئەمەش لە چوارچێوەی ناساندنی کاریگەرییە گەورەکانی جینۆسایدی داعش لەناو ئەم پێکهاتانەی کە بە درێژایی مێژوو پەراوێزخراون و پاشانیش خراونەتە ناو یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی وەک بەشێک لە ئەرکی عێراق بۆ وەڵامدانەوەی ئەو نەهامەتییانەی بەسەریان هاتووە. سەرەڕای ئەوەش نووسەرانی ئەم ڕاپۆرتە دان بەوەدا دەنێن کە ڕزگاربووانی داعش لە سەرانسەری عێراق لە چەندین پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی جیاوازن، بۆیە چەند میکانیزمی هاوتەریب پێویستە، لە دەرەوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی، بۆ بەڕێوەبردنی چاکبونەوە و دڵنیابوون لە چارەسەری بەردەوام بۆ هەموو ڕزگاربووانی زیانلێکەوتوو.

هەرچەندە ئەم ڕاوێژکارییانە بۆ دەستنیشانکردنی داواکارییە هاوبەشەکان بە مەبەستی بنیاتنانی هاودەنگی و ئاسانکاری بۆ داکۆکیکردنێکی یەکگرتوو داڕێژراون، بەڵام گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە بۆچوونی جۆراوجۆر لە ناو ڕزگاربووان هەن سەبارەت بە هەندێک لەم بابەتانە. نووسەران دان بەوەدا دەنێن کە کۆمەڵگە ڕزگاربووەکان یەکڕەنگ و هاوتەریب نین و مەرج نییە ئەو دیدگایانەی لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەیان پێ کراوە ڕەنگدانەوەی کۆی گشتی هەمووان بن.
لە کۆتاییدا، لە کاتێکدا ئەم ڕاپۆرتە بە ڕاوێژکاری لەگەڵ ڕزگاربووان دەوڵەمەند کراوە و دۆزینەوەکانی ڕاوێژکاری لە هەر بەشێکدا بە ڕوونی دەستنیشان کراون، ئەو بۆچوونانەی لە شوێنەکانی دیکەدا دەربڕدراون ڕاو بۆچوونی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و نووسەرانە و نابێت بە پێچەوانەوە بدرێنە پاڵ لایەنی دیکە.

# پوختەی گشتگیر

دوای دە ساڵ لە داگیرکردنی عێراق لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) و دەستپێکردنی هەڵمەتەکەی بۆ جینۆساید، کاریگەرییەکانی ئەم ڕووداوە کارەساتبارە هەتا ئێستاش بە قووڵی هەستی پێ دەکرێت و دەرئەنجام و ڕەگ و ڕیشەی ململانێیەکان تا ڕادەیەکی زۆر چارەسەر نەکراون. سەرەڕای تێپەڕاندنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی لە ساڵی ٢٠٢١، کە ئامانجی چارەسەرکردنی هەندێک لەو کێشە سیستماتیکیانە بوو کە ڕزگاربووانی کۆمەڵگەی ئێزیدی و تورکمان و کریستیان و شەبەک ڕووبەڕووی دەبنەوە هەتا ئێستاش هەندێکیان لە دۆخی لاوازی و لێقەوماویدا ماونەتەوە.

بۆ یادی دەیەمین ساڵیادی ئەو جینۆسایدەی داعش دژی پێکهاتە هەمەچەشنەکانی عێراق، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لەگەڵ دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ و دەزگای سیید و یەزدا، لیستی دە داواکاری بنچینەییان دارشتووە، کە لەڕێگەی زنجیرەیەک ڕاوێژکاری لەگەڵ ڕزگاربووان دەستنیشان کراون. ئەم داواکارییانە ڕەنگدانەوەی دیدگای ئەو کەسانەن کە پێشینەی نەتەوەیی و ئایینی و تەمەن و ڕەگەز و شوێنی جوگرافی جیاوازیان هەیە و ئامانجیان بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئەو پێداویستییە دابیننەکراوانەی کە بۆ ڕزگاربووان لەپێشینەن.

١. دڵنیابوون لە سەلامەتی و ئاسایش و پاراستنی کەمینەکان و ڕێگرتن لە توندوتیژی
٢. دابینکردنو دەستڕاگەیشتن بە چاودێریی تەندروستی بێ بەرانبەر
٣. چارەسەرکردنی کەیسی ڕفێنراوان و بێسەروشوێنان و هەروەها هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان
٤. پشتگیرکردنی سەربەخۆیی ئابووریی ڕزگاربووان
٥. پێشخستنی دادپەروەری و لێپرسینەوە لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی
٦. دۆزینەوەی چارەسەرێکی سەلامەت و شکۆمەند و ئارەزوومەندانە بۆ ئاوارەبوون
٧. دڵنیابوون لەوەی کە هەموو گرووپە شایستەکانی ڕزگاربووان دەتوانن بە شێوەیەکی یەکسان دەستیان بە قەرەبوو بگات
٨. ئاسانکاری بۆ دەستڕاگەیشتن بە خوێندن
٩. بەدواداچوون بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکان لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە
١٠. جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی بە شێوەیەکی تەواو

زۆر لەم داواکارییانە جەخت دەکاتەوە لە سەر گرنگی و پێوستی بەهێزکردنی ڕێوشوێنەکانی قەرەبووکردنەوە کە لە ژێر سایەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی باس کراون و پێکهێنانی چوارچێوەیەکی وەڵامدانەوەی بنەڕەتی کە بە ڕاوێژ لەگەڵ ڕزگاربووان و پێویستیی گرنگیدانی بەردەوام بە یاساکە تاوەکو یاسایەکە بە شێوەیەکی تەواو و بێ کەموکوڕی جێبەجێ دەبێت.

بە چەسپاندنی داواکارییەکانی نێو ئەم ڕاپۆرتە، هیواداریین برەو بدەین بە هۆشیاریی سەبارەت بە دۆخی ئێستای ڕزگاربووان کە لە عێراق و لە دەرەوەی وڵاتدا دەژین و هەوڵبدەین چارەسەرێکی تۆکمە بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان بەرجەستە بکەین. چارەسەرکردنی ئەم پێداویستییانە گرنگی زۆری هەیە بۆ چاکبوونەوەی یەکجارەکی و سەقامگیری و شکۆی ڕزگاربووانی سەر بە هەموو گرووپە زیانلێکەوتووەکان.

# ١٠ داواکاریی ڕزگاربووان، ١٠ ساڵ دوای ئەو جینۆسایدەی داعش ئەنجامی دا

دوای دە ساڵ لە جینۆسایدەکەی داعش کە خۆی بە دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام ناودەبرد و، سێ ساڵ دوای پەسندکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، ڕزگاربووانی سەر بە پێکهاتە هەمەچەشنەکانی عێراق هێشتا ڕووبەڕووی کۆسپ و بەربەست دەبنەوە لە بەرانبەر چاکبوونەوەیان. دوای دە ساڵ لە ئەزموونکردنی توندوتیژی دڕندانە و دیلی و ئاوارەبوون، پێداویستییە دابیننەکراوەکانی ڕزگاربووان کاریگەری قووڵیان لەسەر ئاسۆی پرۆسەی چاکبوونەوە و تێکەڵکردنەوە هەیە.

دوای ئەوەی داعش لە ساڵانی پێشوودا دەستی بەسەر ناوچەیەکی بەرفراوانی خاکی سووریادا گرت، لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ ناو عێراق پێشڕەوی کرد و یەکەم سەرکەوتنی خۆی لە ٤ی کانوونی دووەم بە داگیرکردنی فەللوجە بەدەست هێنا وە هەروەها لە ٤ی حوزەیران هێرشی بۆ سەر بەشی باکووری وڵات برد و بە موسڵ دەستی پێ کرد. لە دڕندەترین هێرشەکانی داعش، لەشکرکێشییەکەی بوو بۆ سەر شەنگال لە ٣ی ئابدا، کە دەستپێکی هەڵمەتی جینۆسایدی داعش بوو دژ بە پێکهاتەی ئێزیدی. زۆرێک لە وڵاتان هێرشەکەی داعشیان بۆ سەر شەنگال بە جینۆساید ناساندووە. ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٤ دەستپێکێکی ترسناک بوو کە بە پلەی یەکەم، بەڵام نەک بە تەنیا، کاریگەری لەسەر ئێزیدییەکان و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دیکە لەوانەش پێکهاتەکانی کریستیان و تورکمان و شەبەک، هەبوو. داعش لە ماوەی هەڵمەتەکەیدا لە عێراق زنجیرەیەک کردەی وەحشیگەرانەی ئەنجامدا لەوانە کوشتنی بەکۆمەڵ و لەسێدارەدان و ڕفاندن و بەکۆیلەکردنی سێکسی ژنان و کچان و تاڵانکردن و زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتنی سامانی دەوڵەت و قاچاخچێتی و لەناوبردنی شوێنە ئایینی و کولتوورییەکان. هەزاران ژن و منداڵ بەدیل گیران و دووچاری توندوتیژییەکی بێوێنە بوونەوە و لانیکەم ٣٠ هەزار هاوڵاتی مەدەنی کوژران و ٥٥ هەزار کەس بریندار بوون و زیاتر لە سێ ملیۆنیش ئاوارە بوون. تا ئێستا زیاتر لە ٢٦٠٠ کەسی ئێزیدی بێسەروشوێنن و ژمارەیەکی نادیار لە پێکهاتەکانی دیکە بێسەروشوێنن و چارەنووسیان نادیارە.

دوای دە ساڵ و هاوکات لە گەڵ هەڕەشەی داخستنی کەمپەکان، چارەنووسی نزیکەی ١٦٠٠٠٠ لە ئاوارەکان بە نادیاری دەمێنێتەوە، کە تا ئێستا دە ساڵە لە ناوچە جیاجیاکانی سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا لە ئاوارەییدا دەژین.[١] هەروەها دۆزینەوەی چارەسەری درێژ خایەن زۆر ئەستەمە بۆ ئەوانەی کە بۆ ناوچەکانی خۆیان گەڕاونەتەوە بە هۆی نیگەرانییەکانی تایبەت بە سەلامەتی و دەستڕانەگەیشتن بە خوێندن و بەڵگەنامە مەدەنییەکان و کەموکوڕی لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و کەمی دەرفەتی کارکردن. لە دەیەمین ساڵڕۆژدا، لای زۆرێک لە ڕزگاربووانی داعش – چ لە عێراق بن یان لە دەرەوەی وڵات – تامەزرۆیی بۆ دانپێدانانێکی بەرفراوانتر بە نەهامەتییەکانیان و کاری هاوبەش لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەری و لێپرسینەوەدا سەرهەڵدەداتەوە.

١ تراڤێرس، ئالانا، ٢٠٢٤. "گواستنەوەی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە یارمەتییە فریاگوزارییەکانەوە بۆ بودجەی گەشەپێدان لە عێراق: سیاسەتی گەیاندنی هاوکاری لە وڵاتێکدا کە ئاوارەبوونی درێژخایەن لە دوای شەڕ و پێکدادان" (وتاری توێژینەوەی PeaceRep). سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قوتابخانەی ئابووری لەندەن، ٣٠ی ئایاری ٢٠٢٤. لەم لینکەدا دەستدەکەوێت: https://peacerep.org/publication/the-uns-humanitarian-transition-from-emergency-assistance-to-development-funding-in-iraq/.

# ١.دڵنیابوون لە سەلامەتی و ئاسایش و پاراستنی کەمینەکان و ڕێگرتن لە توندوتیژی

لە کاتێکدا ئێستا ٨٠ لە سەدی ئەو شەش ملیۆن عێراقییەی کە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧ ماڵ و حاڵی خۆیان جێ هێشت گەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان، هێشتا زیاد لە یەک ملیۆن کەس لە ناوەخۆی وڵاتدا ئاوارەن.[٢] نەبوونی ژینگەیەکی سەقامگیر و پارێزراو لە ناوچەکانی زێدی خۆیان بەربەست دروستدەکات لە بەردەم توانای ئاوارە گەڕاوەکان بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژیانیان و ڕێگریشە لە گەڕانەوەی خەڵکی دیکە.

سەرەڕای هەوڵە سەربازییەکان بۆ بنبڕکردنی داعش لە عێراق، تا ئێستا شانە خەوتووەکان و گرووپە چەکدارەکانی دیکە لە سەرانسەری وڵات هەڕەشەیەکی بەرچاو و بەردەوامن. لە هەندێک ناوچەدا، گرژییەکان هەر بە چڕی ماونەتەوە و ڕێکارە ئەمنییەکانی ناتەواون و گرووپە چەکدارەکان ڕوو لە زیادبوونن. ئەمە وایکردووە خێزانە گەڕاوەکان لە دڵەڕاوکێ و ترسی دووبارەبوونەوەی توندوتیژیدا بژین. هەڕەشە ئەمنییە بەردەوامەکان لەم ناوچانە دەبێتە هۆی زەقبوونەوەی هەستکردن بە ناسەقامگیری و نەبوونی سەلامەتی و پەرەسەندنی بێمتمانەیی بە دەسەڵاتە ناوەخۆیی و نیشتمانییەکان. ئەمەش بە تایبەتی لە ناوچە جێناکۆکەکانی وەک شەنگال و تەلەعفەر و دەشتی نەینەوا و دەوروبەریاندا بەڕوونی دەردەکەوێت. ناکۆکییە درێژخایەنەکان لە سەر پرسی خاک و حوکمڕانیکردن بوونەتە ڕێگر لە پەرەپێدانی ژێرخانی ئەمنی بەهێز و لێپرسراو.

### دەرەنجامەکانی ڕاوێژکاری:

**"هێشتا لە کەمپەکاندا دەژین و هەست بە سەلامەتی ناکەین."** ـــــ ڕزگاربوویەکی ئێزیدی

**"بەهۆی ناسەقامگیریی دۆخەکە بە گشتی، هێشتا هەندێک ترسمان هەیە لە دووبارەبوونەوەی ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕوویدا."** ـــــ ڕزگاربوویەکی تورکمان

**"[ئێمە]... بەهۆی ترسمان لە شانە خەوتووەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و بەهۆی ئەوەی لە ماوەی دیلبوونماندا ڕووخسارمان لای دانیشتوانی شاری موسڵ ئاشکرابووە، ناتوانین بۆ دەرەوەی ناوچەی دەشتی نەینەوا گەشت بکەین."** ـــــ ڕزگاربوویەکی کریستیان

**"پێویستمان بەوە هەیە کە ئاسایشی ناوچەی کەمینەکان بەهێز بکرێت بۆ ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕوویدا."** ـــــ ڕزگاربوویەکی شەبەک

[٢] ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی، ٢٠٢٤. "ماتریکسی بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی"، پۆرتاڵی داتاکانی ٣٠ی نیسانی ٢٠٢٤ی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی، لەم لینکەدا دەستدەکەوێت: https://iraqdtm.iom.int.

ڕزگاربووانی هەر چوار پێکهاتەکە ئاماژەیان بە دۆخی نالەباری ئەمنی وڵات و ناوچە ڕەسەنەکانیان کرد و، جەختیان لەسەر پێویستیی ڕێکاری ئەمنی گشتگیر کردەوە، بۆ پاراستنی کەمینەکان و ناوچەی کەمینەکان، هەروەها بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی توندوتیژی. لە هەموو ئەو ڕاوێژانەی کە لەگەڵ بەشداربووانی دانیشتووی عێراق ئەنجام دراون، چەندین جار پێویستیی سەلامەتی و پاراستن دووپات کراوەتەوە، بە تایبەتی لە نێو ئێزیدییەکان کە جەختیان کردووەتەوە سەر سەقامگیرکردنی دۆخی ئەمنی لە شەنگال.

## پێشنیازەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە:

ئەولەویەتدان بە پاراستن و سەلامەتی و ئاسایشی گرووپی کەمینەکان لە عێراق و دڵنیابوون لە سەقامگیری و سەلامەتی ناوچە زیانلێکەوتووەکان پێش گەڕانەوە، بەم شێوەیە:

١. دۆزینەوەی تاکتیک و ستراتیژە بەردەوامەکانی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان بۆ لابردنی گرووپە چەکدارەکان لە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی ململانێدا.
٢. پشتگیریکردن لە پەرەپێدانی هاوبەشی پلانە گشتگیرە ئەمنییەکان، بە ڕاوێژ لەگەڵ کۆمەڵگە ناوەخۆییەکان و ڕەچاوکردنی چاکترین کردارەکان، لەپاڵ گرنگیدان بە بنیاتنانی ژێرخانی ئەمنی کە خۆڕاگری و نوێنەرایەتی تێدا ڕەنگ بداتەوە.
٣. لە پێشینە دانانی هۆشیاری و تواناسازی هێزە ئەمنییەکان لەسەر هەمەچەشنی و هەستیاریی کەلتووری و پێشخستنی لێبوردەیی بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی دژی کەمینەکان.

# ٢.دابینکردن و دەستڕاگەیشتن بە چاودێریی تەندروستی بێ بەرانبەر

ئەو توندوتیژییە بەرفراوان و فرەلایەنەی داعش ئەنجامی دا، کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر تەندروستیی جەستەیی و دەروونی ڕزگاربووان و خێزانەکانیان و تەواوی کۆمەڵگە هەبووە. زۆر لە ڕزگاربووان تا ئێستاش بە دەست برینی جەستەیی و نەخۆشییە درێژخایەنەکان و زەبری دەروونییەوە دەناڵێنن کە لە ئەنجامی ئەزموونەکانیان لە کاتی ململانێکەدا دروست بووە.

دوابەدوای وێرانکارییە بەرفراوانەکان لە لایەن داعشەوە، ژێرخانی چاودێریی تەندروستی لە شەنگال و ناوچە زیانلێکەوتووەکانی دیکەی نەینەوا هێشتا هەر پاشکەوتووە. دامەزراوەکانی ئێستا کەلوپەلی پێویستیان نییە و ژمارەی کارمەندانیان کەمە و پێداویستیی پزیشکی پێویستیان نییە. بە شێوەیەکی کرداری، دەستڕاگەیشتن بە چاودێریی تایبەتمەند لە شوێنە پێویستەکاندا لەوانەش پاڵپشتیی دەروونذروستی بە شێوەیەکی کرداری بوونی نییە. ئەمەش ڕزگاربووان ناچار دەکات کە بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکیی سەرەتایی مەودای دوور ببڕن یان بارگرانییەکی بەرچاو بخەنە سەر شانی خۆیان بە تایبەت بۆ ئەوانەی کە سەرچاوەی داراییان سنووردارە. نەبوونی خزمەتگوزاریی گشتگیر و درێژخایەنی چاکسازی بۆ ڕزگاربووان نەک تەنیا دەبێتە ڕێگر لەبەردەم چاکبوونەوە لە زەبری دەروونی و دووبارەبوونەوەی، بەڵکو تەنانەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی ئێستاشیان بەبێ یارمەتی و پشتیوانی دەیانهێڵێتەوە.

## دەرەنجامەکانی ڕاوێژکاری:

> "کردنەوەی سەنتەری هەمیشەیی بۆ دابینکردنی پاڵپشتیی دەروونی [...] بۆ ڕزگاربووان و خێزانەکانیان."
>
> — ڕزگاربوویەکی تورکمان

> "پێشکەشکردنی چاودێریی تەندروستی بۆ [ڕزگاربووان]، بێ بەرانبەر."
>
> — ڕزگاربوویەکی شەبەک

ڕزگاربووانی هەر چوار کۆمەڵگەکە، بەوانەشەوە کە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێ کراون، جەختیان لەسەر پێویستیی خزمەتگوزارییەکانی شیاندنەوەی بێ بەرانبەر و بەردەست و کواڵیتی بەرز کردەوە، لەوانەش هەردوو چاودێریی دەروونذروستی و جەستەیی بۆ پشتگیریکردن لە چاکبوونەوە. هەندێک پێشنیازیان کرد کە سەنتەری پاڵپشتیی دەروونی هەمیشەیی بۆ ڕزگاربووان و خێزانەکانیان لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون دابمەزرێنن و هەندێکیشیان جەختیان لەوە کردەوە کە پێویستە هەموو خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەندروستی بە شێوەیەکی هەستیار لە ڕووی کەلتوورییەوە لە لایەن کەسانی پسپۆڕی ڕاهێنراو و شارەزا و لە ژێر چاودێریی پزیشک و پسپۆڕانی دەروونناسدا پێشکەش بکرێن. ڕزگاربووان جەختیان لەسەر پێویستیی چاودێریی تەندروستی کردەوە کە حکومەت پاڵپشتی بکات بەڵام پێشنیازیان کرد کە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان خزمەتگوزاریی زیاتر لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە پێشکەش بکرێت لە نێویاندا ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

## پێشنیازەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە:

دڵنیابوون لە خزمەتگوزاریی پزیشکیی بێ بەرانبەر و بەردەست لەوانەش خزمەتگوزارییەکانی دەروونداروستی بۆ هەموو ڕزگاربووان و خێزانەکانیان و لە هەموو ناوچەکانی نیشتەجێبوون بەم شێوەیە:

١. وەبەرهێنان لە دروستکردن و نوێکردنەوەی دامەزراوەکانی چاودێریی تەندروستی لە شەنگال و دەشتی نەینەوا و تەلعەفەر و ئەو ناوچانەی تر کە ڕزگاربووانی تێدا نیشتەجێن لەوانە نەخۆشخانە و کلینیکەکان و سەنتەری تایبەتمەند بۆ چاودێریکردنی زەبری دەروونی و دەروونداروستی.
٢. پشتگیریکردن لە دەستپێشخەرییەکانی تواناسازی بۆ ڕاهێنانی کارمەندانی چاودێریی تەندروستی ناوەخۆیی و دابینکردنی ئامراز و سەرچاوەی پێویست و دڵنیابوون لەوەی کە ئامێری شیاویان بۆ دابین کراوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی هەستیار و شیاو لە ڕووی کەلتوورییەوە، پەرەپێدانی ژینگەیەکی سەلامەت و کارا بۆ چاکبوونەوە و ئاسانکاری بۆ پەیوەندییەکان لەگەڵ سیستەمەکانی پشتیوانیی پێویستی دیکە بۆ چاودێرییەکی گشتگیر.
٣. ئاسانکاریکردن بۆ هاوکاری نێوان دابینکەرانی چاودێریی تەندروستیی ناوەخۆیی و دەزگاکانی حکومەت و هەروەها ڕێکخراوە تەندروستییە نێودەوڵەتییەکان، بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەندروستی بە شێوەیەکی گشتگیر و هەماهەنگ و بەرزکردنەوەی کوالێتی و دەستپێگەیشتنیان.

# ٣.چارەسەرکردنی کەیسەکانی ڕفێنراوان و بێسەروشوێنان و هەروەها هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان

دوای دە ساڵ لە جینۆسایدەکە تا ئێستاش نزیکەی ٢٦٠٠ ئێزیدی ڕفێنراو و ژمارەیەکی نادیار لە ڕزگاربووانی پێکهاتەکانی دیکە بێ سەروشوێنن.[٣] خێزان و ئازیزانیان لە بەرگەگرتنی مەینەتی و ئازاری نادڵنیایی بەردەوامن و چاوەڕێی هەر هەواڵێکن ڕۆشنایی بخاتە سەر شوێن یا چارەنووسی ڕفێنراوان. لە کاتێکدا کە بەپێی زانیارییەکان، لیژنەیەکی نیشتمانی بۆ ونبووان دامەزراوە بەڵام زۆر شت ماوە بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژییەکی گشتگیر بۆ کەسانی بێسەروشوێن.[٤]

وا مەزەندە دەکرێت کە زیاتر لە ٢٠٠ گۆڕی بەکۆمەڵ لە عێراق لە لایەن داعشەوە لێدرابن کە زیاتر لە ٨٠ی لە شەنگال و ناوچەکانی دەوروبەریدان[٥] و تا ئێستاش زۆریان لە پرۆسەی هەڵدانەوەن.[٦] هەوڵەکانی هەڵدانەوە لە ساڵانی دوای ئازادکردنی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش دەستی پێ کرد، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیتاد) و ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی سەربازی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠١٧. بەڵام پرۆسەی دەرهێنان و ناسینەوەی تەرمەکان ئاڵۆزە و کاتێکی زۆری دەوێت و زۆر لە خێزانەکان هێشتا لە چاوەڕوانی کۆتایی ئەو پرۆسەیەدان. لە مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠٢٤، لە هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵی بیری عەلو عەنتەر لە تەلعەفەر کە قوربانییانی هەردوو پێکهاتەی ئێزیدی و تورکمانی تێدابوو کە ڕوفاتی ١٣٩ کەسی تێدا دۆزرایەوە سەرەڕای خەملاندنێکی سەرەتایی زۆر زیاتر. هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و ناسینەوە و گەڕاندنەوەی ڕوفاتەکان تەنیا بۆ کۆتاییپێهێنان و یادکردنەوە نییە بەڵکو بەشێکە لە پرۆسەیەکی بەرفراوانتری دادپەروەریی ڕاگوزەر لە عێراقدا، کەوا ڕاستیی و قەرەبووکردنەوەش لەخۆ دەگرێت.

کۆتایی هاتنی ئەرکەکانی یونیتاد لە ئەیلوولی ٢٠٢٤ بەو مانایە دێت کە ئەو پشتگیرییە تەکنیکییە نێودەوڵەتییەی پێشکەش بە تیمەکانی پزیشکی دادوەری عێراقی دەکرێت کۆتایی پێ دێت. پاڵپشتیی بەردەوام بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانی عێراق، وەک بەڕێوەبەرایەتیی دەزگای شەهیدان بۆ پاراستن و کاروباری گۆڕە بەکۆمەڵەکان و بەڕێوبەرایەتیی پزیشکی-یاسایی لە وەزارەتی تەندروستی، کە بتوانن بە هەمان خێرایی و کوالیتی لە ئەنجامدانی هەڵکەندن و هاوتاکردنی (دی ئێن ئەی) بەردەوام بن، گرنگییەکی زۆری هەیە.

## دەرەنجامەکانی ڕاوێژکاری:

**"هیچ هەوڵێک بۆ گەڕان بەدوای کەسانی بێسەروشوێن و ڕفێنراودا لە ئارادا نییە."**

**—— ڕزگاربوویەکی ئێزیدی**

٣ لێبوردنی نێودەوڵەتی، ٢٠٢٤. "سوریا: ڕزگاربووانی ئێزدی لە درندەییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی جێهێڵراون بۆ دەستبەسەرکردنی نادیار لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا." ٣١ی تەمموزی ٢٠٢٤. لەم لینکەدا دەستدەکەوێت: https://www.amnesty.org/en/latest/news/٢٠٢٤/٠٧/syria-yezidi-survivors-of-islamic-state-atrocities-abandoned-to-indefinite-detention-in-north-east-syria/.

٤ ReliefWeb، ٢٠٢٤. "عێراق لە هەوڵی ئەوەدایە کە هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی ونبووان بەرز بکاتەوە، لەوانەش، لەڕێگەی هەماهەنگی لە پرۆسەی کەسانی ونبوو لەگەڵ وەزارەتی داد." ٢٣ی ئایاری ٢٠٢٤. لەم لینکەدا بەردەستە: https://reliefweb.int/report/iraq/iraq-seeks-enhance-efforts-find-missing-persons-including-through-coordination-missing-persons-process-ministry-justice.

٥ شەفەق نیوز، ٢٠٢٤. "لەناوەخۆی گەڕانی بەردەوامی عێراق بۆ وەڵامەکان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی داعش." ١١ی ئایاری ٢٠٢٤. لەم لینکەدا بەردەستە: https://shafaq.com/en/Report/Inside-Iraq-s-ongoing-search-for-answers-in-ISIS-mass-graves.

٦ ئاژانسی ئانادۆڵو، ٢٠٢٤. "تورکمانەکانی عێراق چاوەڕێی دەرهێنانەوەی تەرمی کەسوکاریانن لە گۆڕی بە کۆمەڵی داعش لە موسڵ." ٢٠ی تەمموزی ٢٠٢٤. لەم لینکەدا بەردەستە: https://www.aa.com.tr/en/middle-east/iraqi-turkmen-await-recovery-of-relatives-bodies-from-daesh-isis-mass-grave-in-mosul/٣٢٨٨٠٩٠.

هەموو خێزان و کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکان شایەنی ئەوەن کە چارەنووسی ئازیزە ونبووەکانیان بزانن و بەوانە شاد ببنەوە کە دەگەڕێنەوە و، دەرفەتی پیشاندانی خەمباریی و ڕێزگرتن لەو کەسانەیان بۆ بڕەخسێت کە لەناو چوون. لە ڕاوێژکارییەکاندا، ئەمە وەک داواکارییەکی باڵا بۆ ڕزگاربووانی ئێزیدی، چ لە عێراق و چ لە دەرەوەی وڵات، تێبینی کراوە.

بەشداربووان جەختیان لەسەر پێویستیی گەڕان بەدوای کەسانی ڕفێنراو و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا کردەوە و، سەبارەت بە هەستکردنیان بە نەبوونی هەوڵی هاوبەش و گونجاو لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە ئازاربەخشانە، نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە و هەروەها جەختیان لەسەر پێویستیی بەرجەستەبوونی پابەندبوونێکی تازە و چڕکردنەوەی کارەکان کردووەتەوە. کۆدەنگییەکی پتەو لە نێو کۆمەڵگەی ئێزیدیدا هەیە، ئەوان پێیان وایە ئەولەوییەتدان بەم بابەتە زۆر پێویستە.

## پێشنیازەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە:

لە پێشینە دانانی ئەرکی حکومەتی عێراقی بە پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکان لە چارەسەرکردنی کەیسەکانی ڕفێنراو و ونبووەکان، لە ڕێی:

١. پەرەپێدانی پلانێکی ئاشکرا بۆ ڕای گشتی کە کۆمەڵگەکان بکات بە چەقی کارەکانی بۆ هەڵدانەوەی هەموو ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی ماونەتەوە و دڵنیابوون لە ئاگادارکردنەوەی خانەوادەی ونبووان لە ئەنجامەکان.
٢. دڵنیابوون لە ناسینەوە و گەڕانەوەی هەموو ڕوفاتەکان– بەتایبەتی لە ڕێگەی هەڵمەتە بەرفراوانەکانی کۆکردنەوەی نموونەی خوێن لەوانەش لە خێزانی ئەو کەسە ونبووانەی کە لە دەرەوەی وڵاتدا دەژین – بە شێوەیەکی شکۆمەندانە و هەستیار لە ڕووی کەلتوورییەوە.
٣. بەهێزکردنی هەوڵەکان بۆ گەڕان بەدوای ونبووەکان بەتایبەتی لە سوریا و تورکیا لەڕێگەی بەرزکردنەوەی هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕزگاربووان دەتوانن بە سەلامەتی بگەڕێنەوە بۆ ناو خێزان و کۆمەڵگەکانیان.

# ٤.پشتگیرکردنی سەربەخۆیی ئابووریی ڕزگاربووان

دوای دە ساڵ لە جینۆسایدەکە، زۆرێک لە ڕزگاربووان لە عێراق تا ڕادەیەکی زۆر وابەستەی یارمەتییەکان ماونەتەوەو پشتی پێ دەبەستن و لە بارودۆخێکی ناجێگیردا دەژین بەبێ ئەوەی ئامرازی بژێوی ئابوورییان هەبێت یان دابینکردنی بژێوی خێزانەکانیان بۆ دەستەبەر ببێت. بارودۆخی ئابووری لە کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکانی ململانێدا ترسناکە چونکە بە ئاستی بەرزی بێکاریی و کەمی دەرفەتی بژێوی دەناسرێتەوە و بارودۆخێکە کە لێقەوماوی و لاوازییەکان خراپتر دەکات و مەترسییەکانی بەدقۆستنەوە زیاتر دەکات. بەپێی وتەی پارێزگار عەبدولقادر ئەلدەخیل لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٤ ڕێژەی بێکاری لە نەینەوا ٣٥%ی تێپەڕاندووە.

جگە لە پاڵپشتیی دارایی، پێویستییەکی بەرچاو بۆ هەلی کاری بەردەوام هەیە لەپاڵ دابینکردنی ڕاهێنانی پیشەیی و کارامەیی. لەم دواییانەدا دەستپێشخەری تواناسازی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کاروباری ڕزگاربووان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری دەستی پێ کردووە بە ئامانجی ڕاهێنانی ڕاژەخوازانی یاسای رزگاربووانی ئێزیدی لە پیشە جیاوازەکاندا؛ ئەمەش هەنگاوێکە بە ئاڕاستەیەکی دروست.[٧] بەڵام پێویستە زیاتر بکرێت.

### دەرەنجامەکانی ڕاوێژکاری:

**"دروستکردنی هەلی کاری گونجاو بۆ ڕزگاربووان."**

____- ڕزگاربوویەکی تورکمان

**"پێشکەشکردنی پاڵپشتیی دارایی بۆ ڕزگاربووان بۆ ئەوەی بتوانن پڕۆژەی ئابووری بەگەڕ بخەن."**

____ڕزگاربوویەکی کریستیان

ڕاوێژکارییەکان لەگەڵ هەر چوار کۆمەڵگەکە تیشکیان خستە سەر پێویستیی پێشخستنی سەربەخۆیی ئابووریی ڕزگاربووان نەک تەنیا لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پاڵپشتیی دارایی و قەرەبووکردنەوە بەپێی پلانە چاکسازییەکانی ئێستا بەڵکو لەڕێگەی هەلی کار و ڕاهێنانی پیشەیی و ڕاهێنانی کارامەیی و پشتیوانی لە کردنەوەی بزنس و دەستپێکردنی پڕۆژە. بەشداربووان جەختیان لەوە کردەوە کە هەلی کار کە لەگەڵ کارامەییەکانیاندا بگونجێت و مووچەی گونجاو دابین بکات بۆ ڕزگاربووان لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا. هەروەها، بە ڕوونی ڕۆشنایی خرایە سەر پێویستیی پڕۆژەکانی بژێوی ژیان هەندێک لە بەشداربووان پێشنیازیان کرد کە دەشێ یارمەتی دارایی لەگەڵ ڕاهێنان وا بکات بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەم جۆرە پڕۆژانە دەست پێ بکەن. هەندێکی تریش داوایان کرد کە پڕۆژەی بژێوی زیاتر بۆ ڕزگاربووان لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە لایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە جێبەجێ بکرێت.

---

٧ سەیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ڕزگاربووان بکە. فەیسبووک، ٩ی ئایاری ٢٠٢٤. لەم لینکەدا دەستدەکەوێت:
https://www.facebook.com/١٠٠٠٧٦٠٦٢١٨٢٥١٤/posts/٤٦٣٧٩٧١٨٩٤٩٩٠١٧/?mibextid=rS٤٠aB٧S٩Ucbxw٦v

## پێشنیازەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە:

بەهێزکردنی ڕزگاربووان بە تایبەت ڕزگاربووان لە ڕەگەزی مێ بۆ ئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بن بەم شێوەیە:

١. جێبەجێکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنانی پیشەیی و ڕەخساندنی هەلی کار کە لەگەڵ ئابووریی ناوەخۆیی بگونجێت لەوانەش کشتوکاڵ و کاری دەستیی و بزنسی بچووک.

٢. وەبەرهێنان لەو پرۆژانەی کە دەرفەتی بژێوی ژیان و ڕێڕەوی پەروەردەیی بۆ ڕێگا پیشەییە بەردەوامەکان دەڕەخسێنن.

٣. زیادکردن و فراوانکردنی پاکێجی پێشنیازکراوی هاندان بۆ ئاوارە گەڕاوەکان لە لایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، کە کارە حکومییەکان و قەرزی بێ قازانج لەخۆ دەگرێت لەپاڵ جێبەجێکردنی بڕگەکانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی کە بۆ دەستەبەرکردنی هەلی کار بۆ ڕزگاربووانی شایستە دارێژراون لەوانەش لە ڕێگەی ئەولەویەتدان بە دامەزراندنی گشتی بە ڕێژەی ٢٪.

# ٥.پێشخستنی دادپەروەری و لێپرسینەوە لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی

لە کاتێکدا یاسای رزگاربووانی ئێزیدی کۆمەڵێک بڕگەی پەیوەست بە دەستەبەرکردنی دادپەروەری و لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش لەخۆ دەگرێت لە نێوانیاندا هەماهەنگی و هاوبەشی پێکردنی بەڵگەکان، دەستپێکردنی پرۆسەی جەزایی و ڕادەستکردنەوەی تاوانباران و پاراستنی شایەتحاڵەکان و ڕەتکردنەوەی لێبوردنی گشتی بە تایبەت بۆ ئەوانەی تاوانەکانی ڕفاندن و دیلکردنیان دژی ئێزیدییەکان ئەنجام داوە – هێشتا ئاڵنگاریەکان لە جێبەجێکردنی تەواوی ئەم ڕێکارانە لە ئارادان و، پێویستە دادپەروەریی شایستە بە هەموو ڕزگاربووان بگات.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، یونیتاد بەشێوەیەکی کارا لە پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی لێپرسینەوەدا بەشدار بووە لەوانە لە ڕێی بەهێزکردنی توانای تەکنیکی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانی عێراق و دەکیومێنتکردنی تاوانە وەحشیگەرییەکانی داعش و هەروەها پاڵپشتیکردنی سزادانی ئەندامانی داعش لەسەر تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە وڵاتانی سێیەمدا. لەگەڵ ئەوەی کە تەنیا یەک مانگ ماوە بۆ کۆتاییهاتنی ئەرکی یونیتاد، حکومەتی عێراق هێشتا کارێکی نەکردووە بۆ دانانی یاسایەک بۆ تاوانە نێودەوڵەتییەکان (وەک تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆساید) لە چوارچێوەی یاسای تاوانکاریی عێراقیدا. هاوکات میکانیزمێکی بە ناوەندکردنی ڕزگاربووانی دابین نەکراوە بۆ لێپرسینەوەی تاوانکاریی کە دەسەڵاتی دادوەریی بەسەر ئەو جۆرە تاوانانەدا هەبێت.[٨] سەرەڕای ئەوەش، گواستنەوەی بەڵگەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ دەسەڵاتی دادوەریی نیشتمانی پێویستی بە دەستەبەرکردنی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە و سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە ستانداردە نێودەوڵەتییەکان کە عێراق هێشتا نەیتوانیوە پێشکەشی بکات – ئەمەش ڕێگری لە یونیتاد دەکات کە بتوانێ هەموو فایلەکان هاوبەشی پێ بکات. لەم نێوەندەدا، بەبێ بوونی ڕێکخستنی بەردەوام بۆ پاراستنێکی درێژخایەن بۆ نموونە ئەرشیفێکی پەرەپێدراو لەناو نەتەوە یەکگرتووەکاندا مەترسییەکی ڕاستەقینەش هەیە کە ئەو بەڵگانەی کە لە لایەن یونیتادەوە کۆ دەکرێنەوە دەست وڵاتانی سێیەم نەکەون کە توانای لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەیان هەیە لە داعش بەرانبەر تاوانە نێودەوڵەتییە سەرەکییەکان، ئەمەش تاکە ڕێگای دادپەروەری دەخاتە مەترسییەوە کە ئێستا لەبەردەستی ڕزگاربوواندایە. تا ئێستاش کارێکی بەرچاو ماوەتەوە بۆ زامنکردنی ئەوەی کە دادپەروەری وەکو ئەرکێکی ئاکاری و پێویستییەکی یاسایی – بۆ سەرجەم ڕزگاربووان بەدەست بێت.

## دەرەنجامەکانی ڕاوێژکاری:

> دەبێت دادپەروەری بەدی بهێنرێت و تاوانبارانی ڕیزەکانی داعش لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.
>
> ـــــڕزگاربوویەکی ئێزیدی دانیشتووی ئەڵمانیا

> خێراکردنی دەستگیرکردنی تاوانباران لە ناوەخۆ و دەرەوەی عێراق و دادگاییکردنیان.
>
> ـــــڕزگاربوویەکی شەبەک

٨ هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ، ئابی ٢٠٢٢. "کاغەزی هەڵوێست لەسەر میکانیزمێکی لێپرسینەوەی داعش لە عێراق". لەم لینکەدا بەردەستە:
https://c٤jr.org/wp-content/uploads/٢٠٢٢/٠٨/Final-position-paper-ISIL-mechanism-ENG_FINAL_Hyperlinks-١.pdf

لە زۆرینەی ڕاوێژکارییەکاندا، گرووپە جۆراوجۆرەکانی ڕزگاربووان تیشکیان خستە سەر پێویستیی دادپەروەری، بە ئاماژەدان بە نیگەرانییەکان سەبارەت بە نەبوونی هیچ بەرەوپێشچوونەکان لە لێپرسینەوە لە تاوانبارانی داعش. بەشداربووان جەختیان لەوە کردەوە کە تاوانباران لە چوارچێوەی سیستەمی دادوەریی عێراقدا دادگایی بکرێن بەڵام ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەو ڕێکخستنانەی بۆ ئاسانکاری ئەم پرۆسەیە پێویستن – وەک دامەزراندنی دادگای تایبەت – بەرەو پێشچوونیان بەخۆوە نەدیوە. هەروەها بەشداربووان ڕایانگەیاند کە پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ قەوارە دادوەرییەکانی دەرەوەی عێراق وەک تیمەکانی داواکاری گشتی لە ئەورووپا بەهێز بکرێت بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی تاوانباران لە هەموو شوێنێک دادگایی دەکرێن. هەندێکیان جەختیان لەوە کردەوە کە هەوڵەکان بۆ دەستگیرکردن و دادگاییکردنی تاوانباران چڕتر بکرێنەوە و هەندێکی دیکەش بەدیهێنانی دادپەروەرییان بە ڕێگریکردن لە دڕندەیی هاوشێوە لە ئایندەدا بەستەوە.

## پێشنیازەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە:

هەوڵە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانبارانی داعش لەسەر ئەو تاوانانەی لە عێراق ئەنجامدراون، بەهێز بکرێن و بە هاوبەشی ئەنجام بدرێن لە ڕێگەی:

١. گرتنەبەری هەنگاوەکان بۆ دڵنیابوون لە پاراستن و بەڕێوەبردنی گونجاوی ئەو بەڵگانەی کە لە لایەن یونیتادەوە کۆ کراونەتەوە، لەوانە: لەپاڵ دروستکردنی سیستەمێکی پارێزراوی بەڕێوەبردنی زانیاری لە ناوخۆی عێراقدا پێویستە ئەرشیفێکی پەرەپێدراو دەبمەزرێت لەگەڵ ستافێکی تایبەتمەند لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەردەوامی هەیە لە پرۆسێسکردن و شیکردنەوە و خستنەڕووی بەڵگەکان بۆ دادگاکان و داواکاری گشتی و میکانیزمە نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی پشتگیریکردن لە پرۆسەی لێپرسینەوە لە تاوانبارانی داعش و بۆ هەڵگرتنی ئەو زانیاری و بەڵگە نهێنییانەی کە لەبەردەستیدایە.[٩]
٢. دڵنیابوون لە بەشداریکردنی کاریگەر و پاراستنی ڕزگاربووان و شایەتحاڵەکان لە ڕێکارە تاوانکارییەکاندا لە هەمان کاتدا پابەندبوون بە گەرەنتیکردنی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و کراوە بۆ ڕای گشتی.
٣. بەدواداچوون بە ڕاوێژ لەگەڵ ڕزگاربووان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پەسەندکردنی یاسایەک بۆ کۆدکردنی تاوانە وەحشیگەرییە نێودەوڵەتییەکان لە دارشتەی یاسایی عێراقدا.

٩ هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، ٢٠٢٤. "هەڵوێستی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراق و تۆڕەکانی ڕزگاربووان لەسەر داواکاری عێراق بۆ کۆتاییهێنان بە ئەرکی یونیتاد لە ئەیلوولی ٢٠٢٤." ١٢ی ئازاری ٢٠٢٤. لەم لینکەدا بەردەستە:
https://c٤jr.org/wp-content/uploads/٢٠٢٤/٠٤/C٤JR-report_ENG.pdf لە ڕێگەی: https://c٤jr.org/١٢٠٣٢٠٢٤٢٨٥٠٨

# ٦. دۆزینەوەی چارەسەرێکی سەلامەت و شکۆمەند و ئارەزوومەندانە بۆ ئاوارەبوون

ئاوارەبوونی درێژمەودا هێشتا پرسێکی بەرگوشارە بۆ پاراستنی ڕزگاربووانی داعش. نزیکەی ١٦٠٠٠٠ عێراقی، لەنێویاندا ١٣٢٠٠٠ ئێزیدی لە کەمپی کەم سەرچاوەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەژین کە لە دوای کۆتاییهێنان بە قۆناخی مرۆیی بە سەرکردایەتی لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە ساڵی ٢٠٢٢،[10] خزمەتگوزارییە بەردەستەکانیان تێدا کەم بوونەتەوە. زۆر لە ڕزگاربووان لە شوێنی نیشتەجێبوونی نافەرمیدا دەژین کە بارودۆخی ژیانیان گونجاو نییە و لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک ئاوی پاک، پاکوخاوێنی و کارەبا بێبەشن.

بڕیاری حکومەتی عێراق بۆ داخستنی هەموو کەمپەکانی ئاواران کە تا ئێستا ماون تا ٣٠ی تەمموزی ٢٠٢٤ نیگەرانییەکی بەرچاوی دروست کردووە بەتایبەتی لەنێو ڕزگاربووانی ئێزیدیدا. زۆریان ناتوانن بگەڕێنەوە شەنگال کە بارودۆخی ئێستای بۆ ژیانێکی شکۆمەندانە زۆر نەگونجاوە. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتیی (IOM) نزیکەی ٨٠ لە سەدی ژێرخانی گشتیی شەنگال و ٧٠ لە سەدی خانە مەدەنییەکانی شەنگال لەنێوان ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧ وێران بوون[11]دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گرنگەکانی وەک کارەبا و ئاو سنووردارە، هەروەها ژێرخانی گرنگی وەک تەندروستی و دامەزراوە پەروەردەییەکان هێشتا دروست نەکراونەتەوە. هێشتا دەستکەوتنی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو زەحمەتە بەهۆی وێرانبوونی بەرفراوانی خانووبەرە و نەبوونی قەرەبووی گونجاو بۆ پشتگیریکردن لە توانای کۆمەڵگە گەڕاوەکان بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوە و چاکبوونەوەی کاریگەرانە. تا مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٤، لە کاتێکدا بەپێی ڕاپۆرتەکان ٨٣٠٠ داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی موڵک و ماڵ بەپێی یاسای ژمارە ٢٠ی ساڵی ٢٠٠٩ جێبەجێ کراون، هیچ کەسێک لە شەنگالەوە پارەی بەڵێن پێدراوی وەرنەگرتووە.[12] لە ژێر ڕۆشنایی ئەو سنووردارکردنانەی سەرەوە و ئەوانەی لە شوێنەکانی دیکەدا سەبارەت بە نیگەرانییە ئەمنییەکان و ئاسۆی ناتەواوی بژێوی لە ناوچەکانی سەرچاوەدا وروژێنراون، زۆر گرنگە کە ڕزگاربووان نەک هەر مافی گەڕانەوەی خۆبەخشانە و سەلامەت و بەردەوامیان پێ بدرێت، بەڵکو بەپێی پێویست بەدیلەکانیشیان بۆ دابین بکرێت.

### دەرەنجامەکانی ڕاوێژکاری:

**"زۆربەی ڕزگاربووان شوێنی نیشتەجێبوونیان نییە."** ـــــڕزگاربوویەکی کریستیان

**"ژینگەیەکی سەلامەت و پارێزراو بۆ [...] ڕزگاربووان و شوێنێکی گونجاو بۆ ژیانیان دابین بکرێت."** ـــــ ڕزگاربوویەکی ئێزیدی

١٠ کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠٢٤. "ڕێکخراوی ڕاستییەکانی عێراقی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران ، کانوونی دووەمی ٢٠٢٤"، پۆرتاڵی داتاکانی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان، ٧ ئازاری ٢٠٢٤. لەم لینکەدا دەستدەکەوێت:
https://data.unhcr.org/en/documents/details/١٠٧٠٩٦ ؛ داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و بەڕێوەبردنی قەیرانەکانی دهۆک (تەمموزی ٢٠٢٣).

١١ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، ٢٠٢٢. "پشتیوانی زیاتر پێویستە بۆ ڕزگاربووانی کۆمەڵکوژی شەنگال." ٤ی ئابی ٢٠٢٢. لەم لینکەدا بەردەستە:
https://www.iom.int/news/more-support-needed-survivors-sinjar-massacre

١٢ هیومان ڕایتس ووچ ٢٠٢٤. "عێراق: داخستنی کەمپەکان لە کوردستان لە ئارادایە." ١٣ی ئایاری ٢٠٢٤. لەم لینکەدا بەردەستە:
https://www.hrw.org/news/٢٠٢٤/٠٥/١٣/iraq-looming-camp-closures-kurdistan

نوێنەرانی چەندین گرووپی ڕزگاربووان جەختیان لەسەر پێویستیی چارەسەری نیشتەجێبوونی هەمیشەیی کردەوە چونکە زۆربەیان ئێستا کەمپەکانی ئاوارەکان یان شوێنی نیشتەجێبوونی نافەرمی یان لە شوێنی کرێدا دەژین. دوای وێرانبوونی ماڵەکانیان و دەرئەنجامی گۆڕانکاری دیمۆگرافیای ئاوارە بوون. ڕزگاربووان ئاماژەیان بە پێویستیی قەرەبووکردنەوەی گونجاو دا بەرانبەر لەدەستدانی موڵک و ماڵەکانیان لە کاتی شەڕی داعشدا، هەروەها پشتگیرییەکی هەمەلایەنەیان دەربڕی بۆ ئاسانکاریی توانای گەڕانەوەیان بۆ ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان و یەکگرتنەوە لە ناو کۆمەڵگەکانیان و ئاوەدانکردنەوەی ماڵەکانیان. هەندێک لە بەشداربووانیش جەختیان لەوە کردەوە کە پێویستە نیشتەجێکردنیان لە وڵاتانی سەلامەت بۆ بڕەخسێت و ئاسانکاری بۆ یەکخستنەوەی خێزانە جیاکراوەکان بکرێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی گرنگیی چەمکی "ماڵ"ە، کە واتایەکەی لە شوێنی جوگرافی بەرفراوانترە.

## پێشنیازەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە:

**پابەندبوون بە باشترکردنی بارودۆخی ژیان، کە بۆ گەڕانەوەی سەلامەت و خۆبەخشانەی ڕزگاربووان و دەستنیشانکردنی چارەسەری شوێنگرەوە، لە ڕێگەی:**

١.بەدیهێنانی چارەسەری بەردەوام بۆ ئاوارەکان بە جێبەجێکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکانی (لیژنەی هاوبەشی هەمیشەیی نێوان ئاژانسەکان)، کە ئاوارەکان دەخەنە چەقی پرۆسەی بڕیاردان لەسەر چارەسەرە بەردەوامەکان بۆ ئاوارەبوون. ئاوارەکان دەبێ لە دۆخێکدا بن کە بتوانن بڕیارێکی بەئاگا و خۆبەخشانە لەسەر یەکێک لە سێ مۆدێلەکە بدەن: تێکەڵکردنەوەی بەردەوام لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان یان تێکەڵکردنەوەی خۆجێیی لەو ناوچانەی کە ئاوارەکانی ناوخۆ پەنایان بۆ بردوون یان تێکەڵکردنەوەیان لە بەشێکی دیکەی وڵاتدا.

٢.وەبەرهێنان لە بنیاتنانەوەی ژێرخانی پێویست و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی ململانێ بۆ ئاسانکاری گەڕانەوەی شکۆمەندانەی ئاوارەکان ئەگەر خواستیان لەسەر بوو.

٣.بەردەوامبوون لە دابینکردنی سەرچاوە بۆ کەمپەکان و کۆمەڵگەکانی ئاواران و گرنگیدان بە باشترکردنی بارودۆخی ژیان و دڵنیابوون لە دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان لەکاتی چاوەڕوانی چارەسەری درێژخایەندا.

٤.قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووان لە پای لەدەستدانی موڵک و ماڵیان، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی تەواوی پلانەکانی چاککردنەوەی کارپێکراو، لەوانەش یاسای ژمارە ٢٠ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی؛ زیادکردنی یارمەتییە پێشنیازکراوەکانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران بۆ قەرەبووکردنەوەی گەڕاوەکان لە ٤ ملیۆن دیناری عێراقییەوە بۆ بڕە پارەیەک کە بە شێوەیەکی کاریگەر پێداویستییەکانی ماڵگواستنەوە دابین بکات و، دڵنیابوون لەوەی کە ئەم پاکێجە هاندەرە بۆ هەموو ئاوارەکان بەردەست ببێت.

# ٧. دڵنیابوون لەوەی کە هەموو گرووپە شایستەکانی ڕزگاربووان دەتوانن بە شێوەیەکی یەکسان دەستیان بە قەرەبووکردنەوەکان بگات

یاسای رزگاربووانی ئێزیدی ڕزگاربووانی داعش لە کۆمەڵگە ئێزیدی و تورکمان و کریستیان و شەبەک وەک شایستەی قەرەبووکردنەوە دەناسێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێوەرەکانی شایستەیی کە لە یاساکەدا هاتوون، دەستڕاگەیشتنێکی یەکسان بۆ سەرتاپای گرووپەکانی ڕزگاربووان مسۆگەر ناکەن. ئەمەش هەندێک کچ و کوڕ و پیاو لە هەر چوار پێکهاتەکەوە بێبەش لە قەرەبووکردنەوە دەهێڵێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، ڕاپۆرتەکان دەریانخستووە کە هەندێک ستانداردی سەلماندن و ڕێکاری پشتڕاستکردنەوە لەناو یاساکەدا نین بەڵام لە واقیعدا جێبەجێ دەکرێن وەکو بە مەرج گرتنی ئەوەی کە ڕزگاربووان دەبێت سکاڵا تۆمار بکەن و بەڵگەنامەکانی لێکۆڵینەوە پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی داواکارییەکانیان لەبەرچاو بگیرێت. ئەمەش بەربەستی زۆری بۆ هەندێک توێژی تایبەتی شایستەی ڕزگاربووان دروست کردووە بۆ نموونە، ئەوانەی کە بەهۆی مەترسییەکانی پاراستن ناتوانن یان نایانەوێت بگەڕێنەوە یان منداڵان و بێباوکان کە ڕەنگە پرۆسەکە بۆ ئەوان قورس بێت یان تەنانەت مەحاڵ بێت کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەنجامی بدەن یان ئەوانەش کە خاڵی یەکتربڕی لێقەوماوی و لاوازییان هەیە یان وەک ئەو ژنانەی کەمینەکان کە لە توندوتیژی سێکسی ڕزگاریان بووە کە بۆی هەیە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان زۆر لە لا ئاڵۆز بێت بەهۆی ئەگەری دووبارەبوونەوەی زەبری دەروونی، پەڵەی کۆمەڵایەتی و مامەڵەی جیاکارانە لەناو سیستەمی دادوەریی تاوانکاریدا. تا ئێستا ڕێکاری بەڕێوەبردنی کەیس بۆ ئەو ڕزگاربووانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین دانەنراوە کە ئەمەش وایکردووە نزیکەی ١٢٠٠ ڕزگاربووی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات نەتوانن بێئەوەی بۆ عێراق بگەڕێنەوە داوای قەرەبووەکانیان بکەن. ئەمەش بە بەربەستێکی گەورە دادەنرێت.

### دەرەنجامەکانی ڕاوێژکاری:

> ❞ منداڵانی کەم تەمەنیش بخەنە ڕیزی ئەو ڕزگاربووانەی کە پشتگیری دەروونی و ماددی وەردەگرن. ❝
>
> ــــ ڕزگاربوویەکی کریستیان

> ❞ هەموو پێکهاتە و پۆلەکان لەخۆ بگرن، لە هەمان کاتدا ڕێکارەکان ئاسان بکەن لە کاتی داواکردنی قەرەبوو. ❝
>
> ـــــڕزگاربوویەکی شەبەک

> ❞ ئاسانکاری بۆ ڕێکارە ڕۆتینیەکان بکەن [...] لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاریدا. ❝
>
> ـــــڕزگاربوویەکی تورکمان

لە ڕاوێژکارییەکاندا، چەندین گرووپی ڕزگاربووان جەختیان لەوە کردەوە کە هەموو ژنان و پیاوان و منداڵانی هەر چوار کۆمەڵگەی شایستە کە لەو تاوانانە ڕزگاریان بووە کە لە یاسای رزگاربووانی ئێزیدیدا هاتووە دەبێ دەستڕاگەیشتنێکی دادپەروەرانەیان بۆ قەرەبووکردنەوە هەبێت. هەندێک لە بەشداربووان پێشنیازیان کرد کە پێوەرەکانی شایستەیی لەناو یاساکەدا هەموار بکرێتەوە – وەک زیادکردنی منداڵانی کریستیان و تورکمان و شەبەک بۆ مادەی ٢/ ٣ – بۆ دڵنیابوون لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هەر چوار گرووپی ڕزگاربووانی دانپێدانراو لە بەرنامەی قەرەبووکردنەوەدا. هەروەها هەندێک جەختیان لەسەر پێویستیی ئاسانکردنی ڕێکارەکانی پێشکەشکردن و پشتڕاستکردنەوە لە دامەزراوە پەیوەندیدارەکاندا کردەوە. لە کاتێکدا هەندێکی دیکە باسیان لەوە کرد کە زیادکردنی ژمارەی ژنان لەم دەزگا و دامەزراوانەدا، دەتوانێت بەربەستەکانی ئێستا لەبەردەم ڕزگاربووانی مێینە کەم بکاتەوە. هەرچەندە کۆدەنگییەکی ڕوون لە ناو و لە نێوان کۆمەڵگەی ڕزگاربووان لەسەر هەندێک لەم خاڵانە نییە بەڵام بابەتێکی بەهێز کە لە ئەنجامی ڕاوێژکارییەکانەوە سەریهەڵدا، بریتی بوو لە پێویستی چارەسەرکردنی بەربەستەکانی دەستڕاگەیشتن لە ژێر چەتری یاسای رزگاربووانی ئێزیدی.

## پێشنیازەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە:

دڵنیابوون لە زۆرترین بەشداریکردنی گرووپە ڕزگاربووە دانپێدانراوەکان و، پاراستنی مافی چارەسەرکردن و قەرەبووکردنەوە بەپێی یاسای رزگاربووانی ئێزیدی بەبێ جیاوازی، لە ڕێی:

١. دەستەبەرکردنی ڕێکارەکانی قەرەبووکردنەوە بە یەکسانی بۆ ڕزگاربووانی هەموو گرووپە کەمینە دانپێدانراوەکان.
٢. ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی گشتگیر و بێلایەنانەی یاساکە و کەمکردنەوەی بەربەستەکان لە هەموو قۆناخێکی پرۆسەکەدا – لە جێبەجێکردن، پشتڕاستکردنەوە و تانەدان، تا دابەشکردنی یارمەتییەکان.
٣. دروستکردنی میکانیزمێک بۆ کارکردن لە دوورەوە بۆ هەر قۆناخێکی پرۆسەی پێشکەشکردن بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە ڕزگاربووان لە دەرەوەی وڵات دەتوانن قەرەبووەکانیان وەربگرن.
٤. چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاسای رزگاربووانی ئێزیدی و بەشداریکردن لە ڕاوێژکاری بەردەوام لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرەکانی ڕزگاربووان بۆ دڵنیابوون لە یەکخستنی بەهێزتری ڕێبازە گشتگیرەکان و بەشداریکردنەکان و ڕێبازەکانی بە ناوەندکردنی رزگاربووان لە بەڕێوەبردنی بەردەوامی بەرنامەی قەرەبووکردنەوەدا.

# ٨. ئاسانکاری بۆ دەستڕاگەیشتن بە خوێندن

زۆرێک لە ڕزگاربووان تووشی دابڕانی پەروەردەیی بەرچاو بوون لە ئەنجامی شەڕی داعش کە شەپۆلی ئاوارەبوونی بەکۆمەڵی لێکەوتەوە و منداڵانی لە چاودێران دابڕی و ژێرخانی وێرانکرد و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان پەک خست. ئاڵنگاریی تایبەت ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە ماوەیەکی درێژخایەنیان لە دەستبەسەریدا بەسەر بردووە و ساڵانی گرنگی خوێندنی فەرمییان لەدەست داوە و لە هەندێک حاڵەتدا توانای وەرگرتنی زانیارییان نەماوە.

دەرفەتی خوێندن بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو ڕزگاربووان دەستەبەر نییە. لەدەستدانی بەڵگەنامە مەدەنییەکان پرۆسەی تێکەڵبوونەوەی هەندێکیانی لەناو سیستەمی فەرمی قوتابخانەکاندا ئاڵۆزتر کردووە. دەستگەیشتن بە بەرنامەکانی پەروەردەی نافەرمی و باری ناکاو لە دۆخەکانی ئاوارەبووندا زۆر جیاواز بووە چونکە قوتابخانە و مامۆستایان و شوێنی هاوڕێی منداڵان هەمیشە لە کەمپەکان و شوێنی نافەرمی نیشتەجێبووندا بەردەست نین و کارکردن و تواناکانیان – بە تایبەتی لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا – لە بەرسڤی یارمەتییە نێودەوڵەتییەکاندا بەرز و نزمی کردووە.

بە پێی سیستەمی پەروەردەی لە عێراق، هەندێک لە ڕزگاربووان تەمەنیان تێپەڕیوە. لە کاتێکدا کە یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی، ڕزگاربووانی شایستە لە مەرجی تەمەن دەبەخشێت، میکانیزمی کۆنکرێتی بۆ ئاسانکاری گەڕانەوەیان بۆ قوتابخانە و دابینکردنی ڕێڕەوی پەروەردەیی خێرا هێشتا لە دۆخی دامەزراندندان. هەرچەندە ئارەزووی گەڕانەوە بەر خوێندن باوە، بەڵام لە ترسی ئەوەی لەگەڵ خوێندکارانی زۆر بچووکتر دابنرێن یان لە مەنهەجێکی وادا کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ڕزگاربووان نەگونجێت و بەبێ پشتیوانی پێویست بۆ یارمەتیدانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زەبری دەروونی و پەڵەی کۆمەڵایەتی، دوودڵییەکی زۆری دروست کردووە.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بۆ ڕاگرتنی بودجە بۆ خوێندنی منداڵانی ئاوارە لە هەرێمی کوردستانی عیراق دەنگیدا، بە شێوەیەکی کاریگەر پێش وادەی داخستنی کەمپەکان هەموو ئەو خوێندنانەی وەستاند کە لە لایەن حکومەتی فیدراڵیەوە پارەیان بۆ دەستەبەر دەکرا و لە ئەنجامدا دامەزراوە پەروەردەییەکان لە شوێنەکانی ئاوارانددا داخران.

## دەرەنجامەکانی ڕاوێژکاری:

> "ئێمە لە پەروەردە دابڕاوین."
>
> ــــ ڕزگاربوویەکی ئێزیدی

چەندین گرووپی ڕزگاربووان تیشکیان خستە سەر پێویستی پشتگیریی پەروەردەیی تایبەتمەند، لەوانەش دروستکردنی بەرنامەی پەروەردەی تایبەت و خولی پیشەیی بۆ یارمەتیدانی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی خوێندنی فەرمی ڕزگاربووان و پشتگیریکردنیان لە بەدەستهێنانی ئەو کارامەییانەی کە بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژیانیان و تێکەڵبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا پێویستن. هەروەها ڕزگاربووان جەختیان لەسەر گرنگی پێشکەشکردنی پشتگیریی دەروونی کردەوە لەناو دامەزراوە پەروەردەییەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو زەبر و زەنگانەی کە منداڵان و گەنجانی بەر کاریگەری دووچاری دەبنەوە. هەندێک لە بەشداربووان پێشنیازیان کرد کە قوتابخانەی تایبەت بۆ ڕزگاربووان بکرێتەوە بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە بە شێوەیەکی دروست مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و لە بەردەوامبوونی خوێندندا پشتگیرییەکی گونجاویان دەکرێت.

## پێشنیازەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە:

**ئاسانکاری دەستڕاگەیشتن بە خوێندن بۆ هەموو ئەو ڕزگاربووانەی کە دەیانەوێت لە خوێندن بەردەوام بن لە ڕێگەی:**

**١. بەردەوامبوون لە دابینکردنی بودجەی پەروەردەی فیدراڵی بۆ منداڵانی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان تا کۆتاییهاتنی دۆخی ئاوارەبوونیان بەگوێرەی خواستەکانی ڕزگاربووان.**

**٢. دروستکردن و چاککردنەوەی قوتابخانە و زانکۆکان لە ناوچە زیانبەرکەوتووەکان و دڵنیابوون لەوەی کە بە هەموو ئاسانکاری و سەرچاوە و کەرەستە پێویستەکانیان بۆ ئامادە کراون.**

**٣. پەرەپێدانی بەرنامەی پەروەردەیی تایبەت و/یان خێرا کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ڕزگاربووان بگونجێت و دامەزراندنی مامۆستایان و ڕاهێنانی مامۆستایان بۆ پێشکەشکردنی پەروەردەیەکی کوالێتی بەرز و پێشخستنی ژینگەیەکی فێرکاری ئەرێنی بۆ هەموو خوێندکاران، بە ڕزگاربووانیشەوە.[١٣]**

**٤. دامەزراندنی پرۆگرامەکانی سکۆلەرشیپ بۆ پشتگیریکردنی خوێندنی باڵا بۆ ڕزگاربووان و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ڕاهێنانی پیشەیی و پەرەپێدانی کارامەیی.**

١٣ Bilagher، Moritz، and Kaushik، Amit، ٢٠٢٠. "ئەگەرەکانی بەرنامەی فێربوونی خێرا بۆ وڵات و هەرێمە جێ ململانێکان: وانە فێربووەکان لە ئەزموونێک لە عێراق"، پێداچوونەوەی نێودەوڵەتی بۆ پەروەردە. شوباتی ٢٠٢٠. لەم لینکەدا بەردەستە: https://eric.ed.gov/?id=EJ١٢٤٦٤٥٨

# ٩. بەدواداچوون بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکان لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە

لە کاتێکدا چەند وڵاتێک بە فەرمی دانیان بەو جینۆسایدە ناوە کە داعش ئەنجامی داوە، بەڵام هێشتا دانپێدانانی بەربڵاوی نێودەوڵەتی لەو ئاستەدا نییە. ئەم دانپێدانانە زۆر گرنگە بۆ ڕێزلێنان لە ڕزگاربووان، دەستەبەرکردنی دادپەروەری و مسۆگەرکردنی پاڵپشتیی جیهانی بۆ پێداویستییەکانیان. هەروەها دانپێدانانی نێودەوڵەتی دەتوانێت ڕێگە خۆش بکات بۆ چوارچێوەی یاسایی بەهێزتر و ڕێکاری لێپرسینەوە بۆ ڕێگریکردن لە وەحشیگەرییەکانی داهاتوو. دانپێدانانی نێودەوڵەتیی بەرفراوان، دەبێتە بەڵگەنامەیەکی بەهێزی هاودەنگی و پابەندبوون بە بەرز ڕاگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی جینۆساید.

لە کاتێکدا یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی دان بە تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دەنێت کە بەسەر ئەندامانی گرووپە کەمە نەتەوەیی و ئایینییە جۆراوجۆرەکان لە عێراقدا هاتوون – لەوانە ئێزیدی، کریستیان و شەبەک و تورکمان – دوای ١٠ ساڵ لە هێرشی دڕندانەی داعش پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی فراوانتر ئەم تاوانە وەک جینۆساید بناسێنێت.

## دەرەنجامەکانی ڕاوێژکاری:

> بەدەستهێنانی [...] دانپێدانانی نێودەوڵەتی کە ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤دا بەسەر کەمینەکاندا هات جینۆساید بوو.
>
> — ڕزگاربوویەکی کریستیان

> دانپێدانانی زارەکی بە جینۆساید بەس نییە، پێویستە بە کردار بیبینین.
>
> — ڕزگاربوویەکی ئێزیدی

نوێنەرانی گرووپە جۆراوجۆرەکانی ڕزگاربووان جەختیان لەسەر پێویستیی دانپیانانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردەوە بەو جینۆسایدەی داعش کە لە دژی پێکهاتەکانی ئێزیدی و کریستیان و شەبەک و تورکمان ئەنجامیاندا کە ئەمەش داواکارییەکی سەرەکییە کە لە ڕاوێژکارییەکانەوە سەریهەڵداوە. لە گوتاری ڕزگاربوواندا، ئەم جەختکردنە لەسەر زامنکردنی دانپێدانانی نێودەوڵەتی زۆرجار بە پێویستیی فۆڕمی کۆنکرێتی دیکەی پشتیوانی نێودەوڵەتیەوە پەیوەستە وەک هاوکاریکردن لە ڕزگارکردنی کەسانی ڕفێنراو و هەماهەنگی لە هەوڵەکان بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری و بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەو وڵاتانەی کە پرۆگرامی نیشتەجێکردنەوەیان هەیە بە مەبەستی دابینکردنی داهاتوویەکی سەلامەت بۆ کەسانی ژێر مەترسی و پشتیوانی بەردەوام بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا.

## پێشنیازەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە:

پشتگیری لە هەوڵەکان بۆ ناساندنی فەرمی جینۆساید، لە ڕێگەی:

١. پەیڕەوکردنی بڕیارنامەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕۆژی ٣ی ئاب وەک (ڕۆژی جیهانیی ڕامان بۆ هەموو قوربانیان و ڕزگاربووانی جینۆساید لە لایەن داعشەوە) دەستنیشان دەکات. هەروەها هاندانی هەموو وڵاتانی ئەندام و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆژە جیهانییە لەوانەش بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسم و چالاکیی تایبەت بە یادی قوربانیان و ڕزگاربووانی جینۆسایدەکە.
٢. دامەزراندنی بەرنامەی هۆشیارکردنەوە لەبارەی جینۆسایدی ساڵی ٢٠١٤ لە عێراق کە تیشک بخاتە سەر دوو تەوەری سەرەکی:

- ڕێگریکردن لە جینۆساید: فێربوونی وانەکانی جینۆساید بۆ ڕێگریکردن لە کردەوەی هاوشێوە لە داهاتوودا
- پاڵپشتیکردنی ڕزگاربووان: هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە کاریگەرییە بەردەوامەکانی جینۆساید لەسەر ڕزگاربووان، بەتایبەتی بێوەژنەکان و هەتیوەکان و ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی و ئەو ئاڵنگاریانەی کە تا ئێستا ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

# ١٠. جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی بە تەواوی

یاسای رزگاربووانی ئێزیدی، چ لە ئاستی ناوەخۆیی و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بە شێوەیەکی بەرفراوان ناسراوە وەکو یاسایەکی پێشکەوتوو و بڕگەیەکی گرنگ لە بوژانەوەی دوای ململانێ لە عێراق. بەڵێنی قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەویی جۆراوجۆر دەدات بە ڕزگاربووانی چەندین گرووپی نەتەوەیی و ئاینیی کە لە لایەن داعشەوە کراونەتە ئامانج. دوای ساڵێک لە کۆکردنەوە و ئامادەکاری، پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ ئەوانەی داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن لە ئەیلوولی ٢٠٢٢ دەستی پێ کرد و لە ١ی ئازاری ٢٠٢٣، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کاروباری رزگاربووان یەکەم مووچەی مانگانەی بەسەر گرووپێکی سەرەتایی داواکاران دابەشکرد. تاوەکو مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٤، ١٨٣٤ ڕزگاربوو ڕەزامەندییان بەدەست هێناوە لەسەر وەرگرتنی ئەو قەرەبووانەی کە بەپێی یاساکە بەڵێنیان پێدراوە و دەستیان کردووە بە وەرگرتنی مووچەی مانگانە.[١٤] بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری رزگاربووان بۆ دابەشکردنی یارمەتییەکانی دیکە لەم دواییانەدا کارەکانی فراوانتر کردووە لەوانە تەرخانکردنی ٢٥٠ پارچە زەوی نیشتەجێبوون لە شەنگال و ١٢ پارچە زەوی لە تەلعەفەر بۆ ڕزگاربووان لە ڕێگەی سیستەمی تیروپشکەوە لە مانگی ئایاری ٢٠٢٤.[١٥]

هەرچەندە پێشکەوتنی بەرچاو بەدی هاتووە، بەڵام هەندێک لە ڕزگاربووانی شایستە هێشتا داواکارییان پێشکەش نەکردووە (لەوانەش نزیکەی ١٢٠٠ کەس کە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن)، هەروەک زۆر لە ڕێکارەکانی قەرەبووکردنەوە کە لەم چوارچێوەیەدا پێشبینیکراون هێشتا جێبەجێ نەکراون. جێبەجێکردنی تەواوی یاسای رزگاربووانی ئێزیدی کلیلی چارەسەرکردنی زۆر لەو داواکاریانەیە کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە لەوانە بۆ خۆپاراستن لە توندوتیژی (مادەی ٤/٢ و ٨/١) و چاودێریی تەندروستی (مادەی ٥/٦) و دیاریکردنی چارەنووسی ڕفێنراو و ونبووەکان (مادەی ٥/٧ و ٥/٨)، سەربەخۆیی ئابووری (مادەی ٥/٥، ٦/١ و ٦/٤) و دادپەروەری و لێپرسینەوە (مادەی ٥.٩، ٧.٣، و ٩.٢) و نیشتەجێبوونی هەمیشەیی (مادەی ٦/٢) و پەروەردە (مادەی ٥/٤ و ٦/٣) و داننان بە جینۆسایدەکە (مادەی ٧/١ و ٧/٢). بەرنامەی قەرەبووکردنەوە کە لەلایەن دەوڵەتەوە سپۆنسەری دەکرێت و لەگەڵ ئەم یاسایەدا پێشبینی دەکرێت، پرۆژەیەکی درێژخایەن و گشتگیرە و مەبەستی گەورەی هەیە. دڵنیابوون لە سەرکەوتنەکانی بۆ ئایندەیەکی دوور، پێویستی بە پابەندبوونی بەردەوامی ئەکتەرەکان دەبێت لە هەموو ئاستێکدا.

لە کاتێکدا کە پرۆسەیەکی دادپەروەری ڕاگوزەری بەرفراوانتر بۆ گەرەنتی دووبارەنەبوونەوە و چارەسەرکردنی جیاکاریی دژی کەمینەکان پێویستە، جێبەجێکردنی تەواوی یاسای رزگاربووانی ئێزیدی یەکەمین هەنگاوی گرنگە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕزگاربووان و بەشداریکردن لە خۆڕاگری و چاکبوونەوەیان.

---

١٤ سەیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ڕزگاربووان بکە. فەیسبووک، ٢٠٢٤. لەم لینکەدا دەستدەکەوێت:
https://www.facebook.com/profile.php?id=١٠٠٠٧٦٠٦٢١٨٢٥١٤

١٥ سەیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ڕزگاربووان بکە. فەیسبووک، ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣. لەم لینکەدا دەستدەکەوێت:
https://www.facebook.com/permalink.php?story_fbid=pfbid٠yzyzHf٣dogUhHcGzEBWTqbWrn٦xC٢dCahnV٨VbacTQ٧LMSqgpJ٥١H٩vsJQKDUtfMl&id=١٠٠٠٧٦٠٦٢١٨٢٥١٤

## دەرەنجامەکانی ڕاوێژکاری:

> **هاندان و پەسەندکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی پرسێکی لەڕادەبەدەر گرنگ بوو بۆ ڕزگاربووان و کەسوکاری قوربانییەکان، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو شتێک بەدی هاتووە. هێشتا زۆر شتی تر هەیە بکرێت تا دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە و جێبەجێکردنی هەموو ماددەکانی یاسای رزگاربووانی ئێزیدی بەرجەستە ببێت.**
>
> — ڕزگاربوویەکی ئێزیدی
> دانیشتووی ئەڵمانیا

جێبەجێکردنی یاسای رزگاربووانی ئێزیدی بە شێوەیەکی گشتگیر لە ڕاوێژکارییەکان لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرەکانی ڕزگاربووان باس کراوە، کە بایەخی زۆری ئەم چوارچێوەیە دووپات دەکاتەوە. بەشداربووان بە دەرکردنی ئەم یاسایە دڵخۆشییان دەربڕی و وەک "خاڵی وەرچەرخان و بازدانێکی چۆنایەتی" لە عێراقدا ناساندیان. یاسایەکە لە ماوەی دە ساڵی دوای جینۆسایدەکەدا بەرەوپێشچوونێکی گەورەیە و هیوای بۆ ڕزگاربووان گەڕاندووەتەوە.

بە سەرنجدان لە توانای یاسای رزگاربووانی ئێزیدی بۆ چارەسەرکردنی زۆر لەو پێداویستییانەی هێشتا ماون، ڕزگاربووان جەختیان لەسەر پێویستیی جێبەجێکردنی هەمەلایەنە و تەواوەتی هەموو بڕگەکان کردەوە لە نێوانیاندا ئەو بڕگانەی کە پەیوەستن بە پاڵپشتیی دارایی و هەلی کار و ئەولەویەت لە دامەزراندنە گشتییەکان و نیشتەجێبوون و پارچە زەویەکان و کردنەوەی ناوەندەکانی چاکسازی. جێبەجێکردنی تەواوی یاسای رزگاربووانی ئێزیدی بە شتێکی بنەڕەتی لە ئاسانکاری چاکبوونەوە و یەکگرتنەوەی ڕزگاربووان دادەنرێت.

## پێشنیازەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە:

داکۆکیکردن لە بەرنامەی قەرەبووکردنەوە کە لە لایەن دەوڵەتەوە دابین دەکرێت و بەپێی یاسای رزگاربووانی ئێزیدی دامەزراوە بە مەبەستی ئەوەی کە بە تەواوی جێبەجێ بکرێت. زامنکردنی دڵنیابوون لەوەی کە هەموو قۆناخەکانی پرۆسەکە لە هۆشیارکردنەوە و پێشکەشکردنی داواکاری و تانەدان تا دابەشکردنی یارمەتییەکان بە ڕێبازێکی بەناوەندکراوی ڕزگاربوو و و شەفاف و هەروەها بەزووترین کات جێبەجێ بکرێت، لە ڕێگەی:

١. جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی بە ڕزگاربووان دراوە لە ڕێگەی دڵنیابوون لەوەی کە بەرنامەی قەرەبووکردنەوە سەرچاوەیەکی دروستی هەیە و دامەزراوە جێبەجێکارەکانی بە شێوەیەکی گونجاو پشتگیری دەکرێن بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی تەواو و درێژخایەنی یاسای رزگاربووانی ئێزیدی.

٢. هێشتنەوەی جێبەجێکردنی تەواو و درێژخایەنی یاسای رزگاربووانی ئێزیدی لە کارنامەی نیشتمانی و نێودەوڵەتی وەک چوارچێوەیەک بۆ لێپرسینەوەی گشتی.

٣. وەبەرهێنان لە بەرنامەسازی کاتی بۆ پەرەپێدانی هاوکاریی بەهێز لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەتدا لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان و پشتگیریکردن بۆ ئەوەئ کە بەرنامەی قەرەبووکردنەوە کە دەوڵەت سپۆنسەری دەکات بە تەواوی جێبەجێ دەکرێت و زۆرترین کەس دەگرێتەوە.



COALITION FOR JUST REPARATIONS

Jiyan Foundation for Human Rights

seed foundation Social Educational Economic Development

Yazda

# 10 داواکاریی،
## ساڵ دوای ئەو جینۆسایدەی داعش ئەنجامی دا


@c4jrOrg

www.c4jr.org

info@c4jr.org


© ٢٠٢٤